سەرکی هەرێم بۆ بەشداری لە کۆڕەسمی ماڵئاواییکردن لە پاپای ڤاتیکان، بەرەو ڕۆما بەڕێ دەکەوێت

سەرکایەتیی هەرێمی کوردستان باوی کردووتەوە، ئێوارەی ئەمڕۆ هەینی 25ی نیسانی 2025، نێچیرڤان بارزانی، سەرکی هەرێم بۆ بەشداری لە کۆڕەسمی ماڵئاواییکردن لە پاپای ڤاتیکان، بەرەو ڕۆمای پایتەختی ئیتاڵیا بەڕێ دەکەوێت.

سەرکی هەرێمی کوردستان لە مادبووونی کۆڕەسمی ماڵئاوایی لە پاپا فرانسیس نوێنەرایەتیی عێراقیش دەکات.

بڕیارە سبەی شەممە لە ڤاتیکان، نێچیرڤان لە کۆڕەسمی فەرمیی ماڵئاواییکردن لە پاپا فرانسیس بەشدار دەبێت کە لە سەرانسەری جیهانەوە، بەشداریی تێدا دەکرێت.

ڤاتیکان ئێوارەی دوێنێ پێنجشەممە ڕایگەیاند، شەممە، 26ــی نیسان لە گۆڕەپانی قدیس پوترس لە ڕۆمای پایتەختی ئیتاڵیا 50 سەرۆك وەزیر و 10 شا لە کۆڕەسمی بەخاکسپاردنی تەرمی پاپا فرانسیس بەشداریی دەکەن.

دووشەممە، 21ی نیسانی 2025، کاردینال کیفن فارڵ، سەرکی کارگێیی و دارایی ڤاتیکان مردنی پاپا فرانسیس، پاپای ڤاتیکانی ڕاگەیاند.